# خوایه..

# چ تەرازوویەکی لەنگە!!

کاروان ئەنوەر
karwananwar@yahoo.com

هەرکەس بڵێ دنیای رۆژنامەوانیی کوردی لە زاخۆوە بۆ کفری، پاشا گەردانیی نیە، کێبڕکێی کورسیودەسەڵات نیە، رەش لەشوێنی سپیو سپی لە شوێنی رەش نیە، نەخوێندەوار باڵادەست نیە، رۆژنامەوان تەماشاچی نیە، ئەم دونیایە زۆر کەساس و زەلیل و ئیفلیج نیە.. بێگومان ئەوە راستی نەوتوە. .

چونکە هێدی هێدی بەدەستی خۆمان (گەر کار وابڕوات) تەرمی رۆژنامە دەنێژین و کەسیش دڵۆپێ فرمێسکی بۆ هەڵناڕێژێت. .

کەس پێم نەڵێ ئەمە وڕێنەیەو دوورە لە راستی، خۆ تەنها لە سلێمانی زیاتر لە ١٠٠ بڵاوکراوە دەردەچێت، یان لە دەڤەری هەولێرو بادینان چاپەمەنی قەشەنگەو دیزاین و نەخشەسازیی پێشکەوتوە. منیش هەموو ئەوانە دەزانم بەڵام بەداخەوە تا ئەمڕۆ ئەوە زۆرو بۆرەو تاکە رۆژنامەیەکی ئازادی رۆژانەش هێشتا خەونێکەو پێی شاد نەبووین. . رۆژنامەیەك هەموو بەیانیەك بگتە دەستمان کە بە مانای ئازادیی ئازاد بێت وبەدوور بێت لە پشی پشی و ماستاو سارکردنەوە، خەمی گیرفان وترسی دۆڕاندنی کورسی نەبێت، بەدوور بێت لە مامە حەمەیی و جاشقەڵەمیی، بەدوور لەترسی زەوی وەرنەگرتن و چاوسوورکردنەوەو قسەی هەڕەشە ئامێز. رۆژنامەیەك بتوانێت بە خۆی بڵێ رۆژنامە شەرم نەکات، دەسەڵاتێکی ئەوەندە ئازادی هەبێت خوێنەرەکانی بە بێ رارایی، بەبێ گومان بەدەستیەوە بگرن. نەخێر تا ئێستا ئەوە نەبوە وە تا ئێمە بەم تێفکرینەوە لە رۆژنامە بڕوانین مەحاڵە ببینە خاوەنی تاکە رۆژنامەیەکی لەو جۆرە، تا ئێمەی رۆژنامەوان خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆمان لەسەروو خەمیی خەڵکەوە بێت، ئەم خەونەمان بۆ نایەتەدی لەمەش زیاتر خوێنەرمان پێ هەڵناخەڵەتێت. .

ئەگینا بە چ تەرازوویەك ئەم هاوکێشەیە بپێوین کە گەلێکی سێ ملیۆن ونیوی تاکە رۆژنامەیەکی نەبێت بەلانی کەم. . پەنجا هەزار دانەی لێ چاپ ببێ. ئەی هاوار خەڵکینە ئێمە تیراژێکی دە هەزاریشمان نییە. کەواتە خوێنەرمان نیە. . بۆچی؟ خوێنەری بەڕێز: ئێمەی رۆژنامەوان پێویستە بە پلەی یەکەم یەخەی خۆمان بگرین و گلەیی توند لە خۆمان بکەین.ئەوسا باس لە قەیرانی بێ ئێوەیی بکەین کە تەمەنێکمان لە ئازادیی بەسەربرد وهیچ بەرهەمێکمان نەبوو لەم بوارەدا. نەمانتوانی ئێوە فێری خوێندنەوەی رۆژنامە بکەین. نەمانتوانی بۆتانی بسەلمێنین کە ئێمەی رۆژنامەنووس توانای ئەوەمان هەیە لە قەیرانەکانتاندا بەشداربین، سەر بنێینە سەر سەرینی خەم و ئازارەکانتان، لووت بژەنینە ناو دۆسیەکانی دادگاو یاساشکێنە دەسەڵاتدارەکان ریسوا بکەین، هەر کەسێکتان کە زوڵمی لێدەکرێت زوڵمکەرەکەی لەودیو شیشەکانی بەدیخانە توند بکەین و هەزاران بابەتی تر کە خەمی ئێوە بوون ئێمە بەسەریدا گوزەرمان کرد. . من شەرمەزارم کە نەمتوانی ئەرکی خۆم بە جێ بهێنم. ئەزانن بۆچی؟؟

نەوەك بەرژەوەندییەکانمان بکەوێتە خەتەرەوەو لە پارەو پوول بێبەش ببین، یان لەسەر کورسیەکانمان دەربکرێین، یان بۆ ئەوەی نانبڕاو نەبین و ناومان لە لیستی وەرگرتنی  زەوی دەرنەهێنرێت، لە پاداشت و موکافەئە بێبەش نەبین، تا بە پێڵاوی دڕاوو کراسی لەنگەوە نەچینە حزوری مەسئولین و دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازنەکەین، تا لەدەمی خاوەن کورسیەکانەوە شەفاعەتێك، موناجاتێك، رەحمەتێك، پاروە نانێك، وەربگرین. تا منداڵەکانمان برسی نەبن هەستاین بە پارەی ماستاویی بەخێومان کردن. ئەزانی بۆچی ئەم کردارە رێوی ئاسایەنەم بۆ تۆ ریزبەند کرد؟؟

تا بزانن کۆمەڵێك هەن بەناوی رۆژنامەنووسەوە ئابەمجۆرە ژیان دەگوزەرێنن. . بە راستی شەرمەزارم!!. . کە ئەو ناوانەو ئەو دەموچاوانە دەبینم، من لە ئاستی پێناسەکەی بەرباخەڵمدا رووزەرد دەبم، دەبمە تنوکێك ئاو، دەڵێم خوای گەورە مرۆڤ بۆ دەبێت هێندە سووك بێت لە دەوری مرۆڤ وەگ پەروانە بگەڕێت؟ بۆچی دەبێت بگاتە ئەو رادەیەی سپی بکاتە رەش و رەش بکاتە سپی؟ بۆچی دەبێت پاچێك بەدەستێکیەوە بێت و چاڵ بۆ هاوپیشەکانی خۆی هەڵبکەنێت؟ چەکوشێکیش بەدەستەکەی تریەوە بێت، هەر سەرێکی پاك دەرکەوت قەڵبەیەك لە کەللە سەریدا دروست بکات؟ خوایە گیان چەند قێزم لەو کەسانە دەڕشێتەوە کە ئەمڕۆ زەمەن بۆیان زەردەخەنە دەبەخشێتەوە، پارە بۆیان پێدەکەنێ. ئەوانیش لەبری قەڵەم وکامێراو کاسێت مەسینەو پاچ وچەکوشیان پێیە. .

چەند بەختەوەرم کە خاوەنی دوو بڕوانامەم. . کە عومرێکە وۆر بە پاکیی‌و ئەکادیمیی سەرقاڵی دنیای رۆژنامەوانیم. . کە کرێچیم. . کە هەموو رۆژێك دوو کاژێر لەناو پاسی کۆستەردا بەسەر دەبەم. . لەفەی فەلافل دەخۆم. . کراس وپانتۆڵی لەنگە لەبەردەکەم. . ناتوانم رۆژنامەکەم بخەمە ناو ئینتەرنێتەوە، پێڵاوەکانم لە سێ لاوە دڕاون. بەڵام ئەو پێڵاوە کۆنانە لە سەرووی سەری هەموو ئەو کەسانەوە دادەنێم کە لەژێر چەتری رۆژنامەنووسیدا بە نەخوێندەواریی و بەچەکوشکاریی خەریکی گیرفان پڕکردن و زەوی وەرگرتنن.